# بەشداریی گەیلان عەبدوڵڵا لە پێشانگای (جەستەی بینراو، جەستەی نەبینراو)دا (١)

گارا
(ئەڵمانیا)

هونەرمەند گەیلان عەبدوڵڵا ناوی (نەفرەت)ی لە کارەکەی خۆی ناوە و لە شێوەی ڤیدیۆ- پێرفۆرمانس نیشانی داوە و لە هەمان کاتدا دەکرێت وەک کارێکی ڤیدیۆ- ئەنستلەیشنیش ببینرێت. ئەو ئەم کارەی لە ساڵی ٢٠١٥ لە پاریس دروست کردووە و بۆ یەکەم جار لەم پێشانگایەدا بەشداری پێ کردووە، تێیدا دوو مۆنیتۆری بەکارهێناوە و بەرانبەر یەک داینـاون، هەر یەکەیان وێنەی دەموچاوی پیاوێک نیشان دەدات کە بەردەوام تف لەوەکەی دی دەکات، هەردوو پیاوەکە هونەرمەند خۆیەتی، لە یەکێک لە ڤیدیۆکاندا بە ڕەنگی ئەکریلیکی ڕەش دەموچاوی خۆی داپۆشیوە و لەوەکەی دیکەیان بە ڕەنگی ئەکریلیکی سپی، بەمەیش هونەرمەند دەیەوێ نیشانی بینەرەکانی بدات کە ئەم دوو مرۆڤە سەر بە دوو ڕەگەزی جیاوازن.

وەک وێنەی مرۆڤەکان و ڕەنگی سەر دەموچاوەکان نیشانی دەدەن، ناوەرۆکی کارەکە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی دژوارە، جۆرێکە لە تووڕەیی و ڕق و ڕەفزکردنی توندی دوو مرۆڤ بۆ یەکدی، بۆیە دەکرێت ئەم کارە وەک ڕەفزکردنی ئەو دوو ڕەگەزە بۆ یەکدی ببینرێت، بەڵام ڕاستییەکەی هونەرمەند نایەوێت ئەم دوو ڕەگەزە تف لە یەکتر بکەن و یەکتر ڕەفزبکەن.

تفکردن لە یەکدی لە ژیانی ڕۆژانەدا لە ڕقەوە دێت، لە چرکەساتی لاوازیی دەروونێکی ڕووخاوەوە دێت، نە عەقڵ و نە ڕوح و نە هەست و نە ئەخلاق لەو چرکەساتەدا ئامادەبوونیان هەیە، ئەم ڕەفتارە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە کەسێکەوە دێت کە دەیەوێت کەرامەتی ئەوەکەی تر بشکێنێت، لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە لەو چرکەساتەدا کەسەکان خۆیان نرخ بۆ خودی خۆیان دانانێن، بە

واتایەکی دیکە هەست بە کەرامەتی خۆیان ناکەن.

گەیلان عەبدوڵڵا ئەم حاڵەتە ناشیرین و دژوارەی ژیانی ڕۆژانەی کردووە بە کارێکی هونەری، واتە ئەو توانیویەتی ئیستێتیک لە ناشیرینی و دژواری و حاڵەتێکی قێزەوندا بدۆزێتەوە و بیانگۆڕێت بۆ جوانی، ئەمەیش پێویستی بە تەکنیک و شێوە و هۆشمەندییەکی هونەری دەبێت لەگەڵ هەڵبژاردنی مەتریاڵ و ڕاومی گونجاو، بۆیە هونەرمەند گشت پێداویست و کەرەستە و مەتریاڵی پێویستی بۆ ئەم کارە بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مەبەستی ئەو تەنیا کارێکی هونەرییە نەک کارێکی دوکیۆمێنیاری. گەیلان عەبدوڵڵا هۆشمەندە بەوەی کارەکەی بەهۆی تفکردنەکەوە هەستی قێزەون بەبینەر دەگەیەنێت و خۆی دەڵێت: هێندە تفم کرد تا خۆم هێلنجم هاتەوە. هەرلەبەر ئەم هۆیەیش ئەو لە گشت هونەرمەندەکانی دیکەی ناو پێشانگاکە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم کارە دەبێ، وەک هونەر ببینرێت و دەڵێت: ئەوەیشی وەک هونەر سەیری نەکات، با نەیبینێت، بەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو تف لە بینەرەکان ناکات.

ئەو مەتریاڵانەی کە لەم کارەدا دەبینرێن پێکهاتوون لە دوو مۆنیتۆر، دەموچاوی دوو پیاو، ڕەنگی ئەکریلیک و تفی هونەرمەند خۆی، لە کاتی دروستکردنی کارەکەیشدا هونەرمەند کامێرایەکی ڤیدیۆ و باغەیەکی ئاوی (شفاف)ی بەکارهێناوە کە لە ڤیدیۆکاندا نابینرێن، باغەکەی لەنێوان کامێراکە و دەموچاوی خۆیدا داناوە بۆ ئەوەی لەکاتی تفکردنەکەدا، تفەکان بەر کامێراکە نەکەون، پاشان کارەکەی بە دوو مۆنیتۆر بەرانبەر یەک لە قەد دوو دیواری کۆریدۆری ژێرزەمینەکەی ئەمنە سوورەکە لە ئاستی چاوی بینەر داناوە، بە جۆرێک کە بەرچاوی





گشت بینەرانی پێشانگاکە بکەوێت و کەس نەتوانێت لێی هەڵبێت، لەبەر ئەوەی گشت بینەرەکان لەکاتی هاتوچۆیان لە ناو پێشانگاکەدا دەبوایە بەو کۆریدۆرەدا تێپەڕن کە کارەکەی گەیلان عەبدوڵڵای تێدایە، بۆ ئەوەی بتوانن کارە هونەرییەکانی دیکە ببینن.

ئەم کارە هونەرییە سیفەتێکی دیکەیشی تێدایە کە لە کارەکانی دیکەی ناو پێشانگاکەی جیا دەکاتەوە، ئەویش شێوەی کارەکەیە کە لە تیورییەکانی هونەری هاوچەرخدا، بەتایبەت لە بابەتی (مەتریاڵ وەک شێوە، مەتریاڵ وەک میدیۆم) لە کتێبی پێشانگاکەدا باسم کردووە.(٢) گشت کارە هونەرییەکانی پێشانگاکە شێوەیەکی هێندە ڕەقیان لە نێوان خۆیان و بینەرەکاندا (ئامادەبووان) دانەناوە بە ئەندازەی کارەکەی گەیلان عەبدوڵڵا، ئەمەیش بە هۆی دژواری و قێزەونی ئەو هەستەیە کە کارە هونەرییەکە دەری دەبڕێت لە لایەکەوە و ئەو ڕێزە تایبەتییەی کە هونەرمەند لە بینەرەکانی دەگرێ لە لایەکی دیکەوە. شێوە زۆرجار وەک ڕێزگرتن بەکار دێت، نەک تەنیا لە کاری هونەریدا، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەشدا، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانە دەبێت بە ئیتیک، لە کاتێکدا لەم کارەی گەیلان عەبدوڵڵادا دەبێت بە بەشێک لە ئیستێتیکی گشتی کارە هونەرییەکە.

لە ڕووی پێوەندی شێوە و ڕاوم و مەتریاڵەوە هونەرمەند (وەک گوتمان) دوو مۆنیتۆری بەکارهێناوە و لە قەد دوو دیواری بەرانبەر بە یەک دایناون، بەڵام ئەم جۆرە دانانە کارە هونەرییەکە ناکات بە دوو بەشەوە، نایکات بە دووکاری هونەری جیاواز، بەڵکو کارەکە وەک یەک کاری هونەری دەمێنێتەوە، وەک یەک کاری هونەریش دەبینرێت و مامەڵەیشی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە دانانە لەلایەکەوە بەشێک لە

شێوەی گشتی کارە هونەرییەکە پێکدێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ڕاومەی نێوان هەردوو مۆنیتۆرەکانیش کە بینەرەکانی تێدا تێدەپەڕن نابێت بە بۆشایی، بەڵکو وەک ڕاومی گشتی کارە هونەرییەکە دەمێنێتەوە، واتە بەشێکی دانەبڕاو و گرینگ لە سەرجەم کارە هونەرییەکە پێکدێنێت، لەم حاڵەتەدا شێوە و ڕاوم دەبن بەیەک و بینەرەکان بەناو ڕاوم (فەزا) و شێوەی کارە هونەرییەکەدا تێدەپەڕن، بەمەیش ڕاومی کارە هونەرییەکە دەجووڵێنن، دەیشڵەقێنن، کە ئەمەیش دیسانەوە مەبەستی هونەرمەند بووە بۆ درککردنی جەستەیی بینەرەکان بەکارە هونەرییەکە، وەک لە کۆنسێپت و بیرۆکەی پێشانگاکەدا هاتووە (جەستەی بینراو، جەستەی نەبینراو). ئەم پێوەندییەی (بەریەککەوتنە)ی کارە هونەرییەکە لەگەڵ ئامادەبووانی پێشانگاکە ڕەهەندێکی هاپینینگ بە کارە هونەرییەکە دەبەخشێت کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە کاری پێدەکرێت، جگە لە ڕاومە واقعییەکەی کارە هونەرییەکە کە باسمان لێوە کرد لەم کارەی گەیلان عەبدوڵڵادا دوو ڕاومی دیکەش بەدی دەکرێن، کە ڕاومی وەهمین و لە ناو هەریەک لە مۆنیتۆرەکاندا هەن.

بینەر ئازادە چەند دەتوانێ لە ناو کۆریدۆرەکە (لەناو ڕاومە واقعییەکەی کارە هونەرییەکە) دەمێنێتەوە و کات بەسەر دەبا، یان بتوانێت بەرانبەر بەم کارە هونەرییە دژوارە خۆی ڕاگرێ، هەر بینەرێک بەتوانایی خۆی، بەچاوی خۆی وەک تاک ئەم کارەی گەیلان عەبدوڵڵا دەبینێت، بە جەستەی خۆیشی وەک تاک هەستی پێ دەکات و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ئەو سیفەتە ئیستیفزازییەی کە لە کارەکەدا هەیە، شتێک نییە بشاردرێتەوە، ئەمە لەگەڵ گشت ئەو هونەرانەدا دەردەکەوێت کە دەیانەوێت هەستی قێزەون دەربڕن، ئیدی دەشێت بینەر بەمە تووڕەبێت، یان مچوڕکە بە لەشیدا بێت و تووشی حاڵەتێکی قێزەونی بکات، وەک مەبەستی هونەرمەند بۆ دەستنیشانکردنی سنوورەکانی جەستەی بینەرە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی بینەر خۆی وەک تاک بتوانێت درک بە لایەنە لاواز و بەهێزەکانی خۆی بکات، وەک ئەوەی کە هونەرمەند (ڕەنج حیکمەت)یش (لە هەمان پێشانگادا) ئەمەی بە جۆرێکی دیکە لە کارەکەیدا نیشان داوە. هەندێک لە بینەرەکان بوێرانە



بەرانبەر کارەکە دەوەستن، بە واتایەکی دی دەتوانن لەناو کارە هونەرییەکەدا چەند چرکەساتێک زیاتر بمێننەوە کە ئەستەمە لەو چرکەساتانەدا بینەر ئەوە بزانێت ئەم کارە نەک تەنیا بۆ بینینە، بەڵکو بۆ تاقیکردنەوەی جەستەیشە، بۆ هەستکردن بە سنوورەکانی لەشێتی لە ڕووی دەروونی و فیزیکییەوە، هەندێک لە بینەرانیش بە پەلە لە بەینی ڤیدیۆکانەوە تێدەپەڕن و بەرگەی بینینیان ناگرن و لەوانەشە پێی تێکچن، یان تووشی شەڕانگێزی بن و لە دڵی خۆشیاندا لەوانەیە هونەرمەندەکە بەر تف و نەفرەت بدەن بۆ ئەوەی کە خۆیان لەو شەڕانگێزییە بەتاڵ بکەنەوە، ئەم دیاردەیەش هونەرمەندە فوتوریستەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دێنێتەوە یادمان کە مارینێتیان بەر تف و نەفرەت کرد(٣). بەم جۆرە لەم کارەی گەیلان عەبدوڵڵادا ڕەهەندێکی فوتوریستی نوێیش بەدی دەکرێت.

گەیلان عەبدوڵڵا جەستەی خۆی بۆ ئەم کارەی بەکارهێناوە و سوودی لە جەستەی ئامادەبووان (بینەران)ی پێشانگاکەش وەرگرتووە، وەک ئەوەی لە کارەکانی ئاڤان سدیق و (ڕەنج حیکمەت)دا لە هەمان پێشانگا هاتووە، بەم جۆرە جەستە لێرەدا میدیۆمیشە بۆ گەیاندنی مانای کارە هونەرییەکە. بینەر لەم حاڵەتەی کارەکەی گەیلان عەبدوڵڵادا ڕاستەوخۆ بەر جەستەی هونەرمەند ناکەوێت وەک لە حاڵەتی هونەری پێرفۆرمانس، بەڵکو تەنیا وێنەی دوو دەموچاو لە نێوان دوو مۆنیتۆرەوە دەبینێت کە سنووریکی توند جیایان دەکاتەوە، ئەوەیش خودی مۆنیتۆرەکەیە، ئەمەیش ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان هونەری پێرفۆرمانس و هونەری ڤیدیۆپیرفۆرمانسدا هەیە.

هێنانە ناوەوەی بینەریش بۆ ناو ڕاومی کارە



گەیلان عەبدوڵڵا، نەفرەت، ڤیدیۆ - پێرفۆرمانس، پاریس ٢٠١٥

هونەرییەکە، کە بە ئەڵمانی (ئینتەردیرتن بتراختەر In-tendierten Betrachter)ی پێ دەگوترێت وەک ئەوەی لە کارەکاتی ڕەنج حیکمەت و (ئاڤان سدیق)دا لە هەمان پێشانگا دەبینرێن، دیاردەیەکی هونەری هاوچەرخە کە زیاتر لە هونەری پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە لە کاری هونەرمەندەکانی هەپێنینگدا دەرکەوتووە، ئەمەیش دەشێت وەک بەشێک لە پەیامی کارەکە بۆ بەستنەوەی هونەر بە ژیانەوە ببینرێت، وەک لایەنێک لە پەیامی پێشانگاکە بەگشتی کە لە گشت ئەو دوای کارە هونەرییەکاندا بە جۆری جیا جیا بەدی دەکرێن، بە واتایەکی دی وەک پێوەندی کارە هونەرییەکە بە بینەرەکانییەوە.

بەم جۆرە گەیلان عەبدوڵڵا بە کارێکی هونەری بەشداری لەم پێشانگایە دەکات کە گشت سیفەتەکانی هونەری قێزەون (ئەبجەکت ئارت Abject art) لەخۆ دەگرێت، ئەمەیش جۆرێکی نوێیە لە هونەری شێوەکاری پاش دووەمین جەنگی جیهانی و زیاتر لە کارەکانی هونەرمەندی ئەمریکی هاوچەرخ سندی شێرمان Cindy Shermannدا دەرکەوتووە و فەیلەسوفی فەڕەنسی (بەڕەچەڵەک بولگاری) یۆلیا کرستیڤا Julia Kristeva یەکێکە لەوانەی کە کاری تیوری لەسەر کردووە، هەرچەندە لە ڕووی شێوە و ڕاوم و مەتریاڵەوە ئەم کارە پێوەندی لەگەڵ کارەکانی (سندی شێرمان)دا نییە.

لە کۆتاییدا هونەرمەند گەیلان عەبدوڵڵا نەیویستووە بە کارێکی هێمن و خامۆش لەم پێشانگایەدا بەشداربێت، بەڵکو بەکارێکی دژوار و هاروهاج بەشداری کردووە، ئەمە کارێکە نەک تەنیا بۆ بینین، بەڵکو وەک گشت ئەو دوای کارەکانی پێشانگاکە بۆ درکپێکردن لە نێوان جەستەوە کاری کردووە، بەم کارەش هونەرمەند گەیلان عەبدوڵڵا مەبەستی خۆی و بیرۆکەی پێشانگاکەی پێکاوە.

**تێبینی:**

لەم نووسینەمدا ناوی سەرچاوەکانم نەنووسیوە، لەبەر ئەوەی ئەمە بەشێکە لە پرۆژەی کیتێبێک دەربارەی پێشانگاکە (جەستەی بینراو، جەستەی نەبینراو) کە چاوەڕوانی چاپکردن دەکات، لەوێ من ناوی گشت سەرچاوە زانستییەکانم نووسیوە.

**پەراوێز:**

**(١) ئەم پێشانگایە لە ئەمنەسوورەکەی شاری سلێمانی، لە ١٩ تا ٢٥ی مانگی ١١ ساڵی ٢٠١٦ کە بیرۆکە و ڕێکخستنی هونەرمەند ئاڤان سدیق بوو، نیشان درا.**

**(٢) ئەم کتێبە هێشتا چاپ نەبووە**

**(٣) هونەرمەندە فوتوریستەکان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە خواستی هونەری جووڵاوەیان هەبوو. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە کتێبی هونەری شێوەکاری مۆدێرن، لاپەڕە ١٨٦ تا ٢٢٢ کە لەلایەن نوسەری ئەم دێڕانەوە نووسراوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دەزگای ئاراس، لە هەولێر چاپی کردووە.**